# "نمونەی ئیسلامی"لە کوێی ململانەی شارستانییەکاندایە؟

**باتر محمد علی وردم**

**و.کامیل قەرەداخی**

جیهانی عەرەبی بە دەوڵەت و حکومەت و فەقێ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیەوە بێدەنگ بوون بەرامبەر بە پەرەسەندنی دیاردەی پەڕگیریی ئاینی و ئسولیەتی هزری و زیادەڕەوی کردن لە داخران و ڕق لێبوونەوەی ئەوی تری جیاواز لە ڕەگەز و ئاین و بیرکردنەوە و ناپاکیکردن لەناو گۆڕەپانە کەلتوری و سیاسییەکاندا .عەرەب و موسڵمانەکان زۆر دوودڵ بوون لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیەدا ,کە ڕووبەڕووبونەوەکەی ئەرکێکی ئاینی و شارستانییانە بوو ,و بەسادەیی هەوڵیاندا خۆیان لە زۆری حەرامکراوە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان نەدەن ,بۆیە هەر هێندە بوو کە ئیتر ڕووداوەکەی 11)ی سێپتێمبەر (ڕوویدا ,ئێستە پاش ئەوەی کە ناوێکی قێزەون بۆ ئەم دیاردەیە داهێنرا کە ناوی )تیرۆر(ەو گرێدراوە بە توندوتیژییەوە و دیمەنی ئەو فڕۆکە مەدەنییانەی کە خۆیان دەکێشن بە دوو تەلارەکەی سەنتەری بازرگانیدا ,بەدیدی زۆرکەسی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیشەوە بووە بە هاومانای ئیسلام,ئیتر هەموو جیهان داوای ئەوەمان لێدەکەن کە پێویستە سەرچاوەکانی پەڕگیری قەڵاچۆ بکەین.

گومان لەوەدا نییە کە ئەو نسکۆیەکی شارستانی و کەلتوریی گەورەیە بۆ جیهانی ئیسلامی و بێدەنگ بوونی عەرەبیش بەرامبەری بەشداریی زۆری کردووە لەنێربوونی ئەو دیاردەیەدا.

زۆری وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان تەنها لەڕێگەی چەند کاردانەوەیەکی ئاسایشی و سەربازییەوە نەبێ کە بریتی بوون لە کوشتن و زیندانیکردنی ئیسلامییەکان بە مامەڵەیەکی لۆژیکی و سیستماتیزەکراو مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە هزری و ئابوورییەکانی ئەم پەڕگیرییەدا نەکراوە .بەڵکو زۆری دەوڵەتە ئیسلامییەکان ودامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتانەپشتگیریی بڵاوەکردنی ئەولاوە موسڵمانانەیان کردووە بەناو ڕۆژئاوادا کە هەڵگری کۆمەڵە بیروباوەڕێکی پەڕگیرانە بوون و ئەمانە لەوێ لەناو ڕووبەڕووبونەوەیەکی شارستانیی قورس و واقعێکی سیاسیی دیموکراسی و کۆمەڵایەتیی سکولاریستیدا ژیاون .بۆیە ئەوە هەروەکو گاڵتەجاڕی وابووە کە خەڵکانێکی موسڵمان ببینین لەسەر کۆمەکی حکومەتەکانی ئەوروپا بژین ,کەچی بیریان لەوەکردۆتەوە کە شانەگەلێك ڕێك بخەن بۆئەوەی شۆڕش لەدژی ئەو حکومەتەکافرانە بکەن و ڕژێمێکی ئیسلامی لەجێگەیاندا دروست بکەن .ڕۆژئاواش زۆر بەتەنگ ڕاوەدوونانی ئەم گروپانەوە نەبووە ,لەبەرئەوەی ئەم گروپانە توندوتیژییەکی ڕێکخراویان لەدژی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەوان پیادە نەکردووە ,هەروەها سیستمی دیموکراسیی ڕۆژئاواش توانای تەفەهومکردنی بوونی ئەم گروپبەندییە و زۆر گروپبەندیی تری هاوشێوەی هەڵگری بیروباوەڕی پەڕگیرانەی نازیزمیی و ڕەگەزپەرستی و زایۆنیزمی و هیی تریشی هەبووە ,تا 11)ی سێپتێمبەر (هات و هەموو شتەکان گۆڕان.

گرفتە گەورەکەی ئێستە ئەوەیە کە هەر پێداچوونەوەیەکی عەرەبی و ئیسلامییانە کە بۆ ئەو هۆ خۆییانە بکرێ کە بوونەتەهۆی هێنانەکایەی ئەم شەپۆلی توندوتیژی و ڕق لێبوونەوەیە بەناوی ئیسلامەوە وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە ئەوە وەڵامدانەوەیەکە بە فشارەکانی ڕۆژئاوا ,ئەگەرچی ئەوە خۆی پێویستییەکی شارستانی و ئاینییە و نابێ دەستی لێهەڵگیرێ .چونکە لایەنگریی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و ڕۆڵی زایۆنیزم و ئێرەییبردنی ڕۆژئاوایی_هەر پێناسەیەکیشی هەبێت _نابنە بەهانە بۆ سستی نواندنی عەرەب لە وشککردنەوەی سەرچاوەکانی پەڕگیریی ئاینی و پێشکەشکردنی نمونەیەکی شارستانیی وا کە توانای بڵاوبوونەوەی هێمنانەی بەناو جیهاندا هەبێت و خەڵك بە بەهێزیی هزرەکەی قایل بکات ,نەك بە لولەی چەك .ئەمە ئەرکێکە کە دەبوو لە ساڵانێکی رابوردووی زۆر پێش ئێستەدا ئەنجام بدرێ.

ناکرێ بە پرۆسەی ڕەخنە لەخۆگرتنە پێویستەکەی کەلتورە ئیسلامییە باوەکەی ئێستە بووترێت کە ئەوە وەڵامدانەوەیەکە بە فشارەکانی ڕۆژئاواو ڕێگەی لێبگیرێت و ئەو ئەرکە بۆ ئێمەی موسڵمانان بەجێبهێڵرێت ,چونکە ئەزمونە درێژەکانی ئەم ناوچەیە

سەلماندوویانە کە ناکرێ لەسەر ئەوە بەردەوام بین کە خۆمان هەڵبخەڵەتێنین و گرفتەکانمان ببەستینەوە بە زایۆنیزم و لایەنگیریی رۆژئاواوە ,چونکە نەبوونی دیموکراسی و ئازادییەکان و پەرەپێدانی سیاسی و ئابوری و مافەکانی مرۆڤ و ونکردنی رۆڵی زانست و ئاوەز و لێبووردەیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەستکردی ئیسرائیل نین ,بەڵگو دەستکردی سستی نواندن و گۆشەگیربوونی ناو ئەو هزر و وەڵامە پێشوەخت ئامادەکراوانەیە کە توانی ئەوەیان نییە مامەڵە لەگەڵ سەردەمی نوێدا بکەن .ناکە چارەسەر بۆ قەیرانەکەی جیهانی عەرەبی دیموکراسییە ,کورتترین و ڕوونترین ڕێگەی بەرەو دیموکراسییش لە جیهانی عەرەبیدا ,وەکو شێوازی رۆژئاوایی بریتی نییە لە )سکولاریستی-عیلمانیەت (بەڵکو بریتییە لە ئیسلام ,بەڵام ئەو ئیسلامەش نا کە لەسەر ڕێگەکەی )بن لادن و ئەبوحەمزەی میسری و بیرۆکەکانی ئیبین تەیمییە و سەید قوتبە (بەڵکو ئەو ئیسلامەی کە دەبێتە ئەو ووزە ئاکاری و شارستانیەی لە ڕێزلەخۆگرتنی مرۆڤ و رۆڵی مرۆڤیش لەژیاندا بەشێوەیەك بەرزدەکاتەوە کە لەگەڵ دەستهاتەکانی سەردەمەکەدا بگونجێت.

شکستهێنانی سکولاریستی لە جیهانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە چەند نمونەیەکی شێوێنراوی لێ پیادەکراوە , بەتایبەتیش لە عیراق و سوریا و تونسدا .ئەو سکولاریستییە هاوەڵ بووە لەگەڵ نائامادەگییەکی تەواوی گوزارەکردنی دیموکراسیدا و ئیتر وەك دەم کلیلدانێکی نوێی لێهاتووە و بووە بە جبەخانەیەك بۆ پێداهەڵخستنی ئەو هەرەسە سیاسی و ئاکارییەی کە لەپاش بەزینەکەی ((1967))ەوە جیهانی عەرەبیی گرتەوە.

هەروەها پەیڕەوکردنە خۆرسکەکەی موسڵمانان لە ئاین وادەکات کە سکۆلاریستی بەئەستەم لەناو خاکی عەرەبیدا بچەسپێت . ئەگەرچی لەڕۆژئاوادا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە لەگواستنەوەی بەرەو مۆدێرنەدا ,کە باڵاترین نمونەی هزرییە مرۆڤ تائێستە دایهێنابێت.

ئێستە لەپاش ڕوداوەکانی11)ی سێپتێمبەر(ەوە گرنگییەکی زۆر بەئیسلام دەدرێت .لەگەڵ ئەوەشدا کە بەهۆی نەزانین و هاندانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە سوکایەتییەکی زۆر بە موسڵمانان دەکرێ ,بەڵام ئارەزوویەکی راستەقینە بۆ تێگەیشتنی هەیە . رۆژئاواش تەنها بریتی نییە لە )فۆکۆیاما و هانتینگتۆن(بەڵکو هەزاران بیریار و نوسەری دادپەروەر هەن کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لە ئیسلام تێدەگەن و لەناو کەناڵەکانی راگەیاندنی رۆژئاواو تەنانەت عەرەبییەکانیشدا هەلی دەرکەوتنیان بۆ ناڕەخسێت .بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئێستە نمونە ئیسلامییەکانی ناو دەوڵەتەکانمان وێنەیەکی ئیجابیانە لەسەر ئیسلام پێشکەش ناکەن ,چونکە یان پەرگیرییەك دەکەن کە نەیاربن بە هەرشتێك کە پێچەوانەی ڕێبازەکەی خۆیان بێت ,یان ئەو فەقێی سوڵتانانەن کە بەهانە بۆ هەڵەکانی دەستەڵاتداران دروست دەکەن.ئەوەتا ئێستە کۆمەڵە فەقێیەکی ئەمریکی پەیدادەبن کە بەهانە بۆ هەڵمەتەکەی ئەمریکا دەهێننەوە.

ئەگەر بمانەوێت بە نمونەکەی )بن لادن و قاعیدە و جەماعە ئیسلامییە و ئەبوسەییاف ,(یان نمونەی فەقێی سوڵتانەکانەوە بچینە ناو ململانەی شارستانییەکانەوە ,ئەوا شەڕەکەمان بەتەواوی دۆڕاوە.

لەبەرئەوە پێداچوونەوەی کەلتوری ئیسلامی و گەمارۆدانی پەرگیری ئەرکێکی سەرشانی هەمومانە بەرامبەر بە ئاینەکەمان بەبێ ئەوەی دوژمنەکانمان داواو بۆچوونەکانی خۆیانمان بەسەردابسەپێنن.دەبێ بیریارەکانی شارستانییە ئیسلامییە ڕاستەقینەکە بکەونە جووڵە بۆ روونکردنەوەی ئەو وێنە شارستانییەی ئیسلام کە دەکرێ جێگەی هەموانی تێدابێتەوە ,نەك دژایەتیی هەموان بکات.

----------------

سەرچاوە /رۆژنامەی )الزمان(

لەسەر ماڵپەڕی هەمان رۆژنامە لەسەر ئینتەرنێت /بەرواری رۆژی (1/1/2002)